# گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا

پ. ی. د. هەڵمەت بایز ڕەسووڵ
بەشی کوردی- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

پوختە:

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چالاکە و پەیوەندی بە ژیان داب و نەریتی کوردەوە هەیە، بۆیە چالاکی و زیندووێتییەی خۆی پاراستووە، بەڵام هاوکاتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئێستادا لە ئاستی جیهانی ڕوودەدەن، وردە وردە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی لە ناو ئەو شەپۆڵە گۆڕانکارییەی جیهانی و بەجیهانی بووندا چیتر ئەو چالاکی و زیندوویەتییەی خۆی پێ ناپارێزێت، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ بە کۆمەڵێک هۆکارەوە پاشەکشەی ئەو ئەدەبیاتە بەپێی کات و سەردەم گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەو تێگەیشتنەدا ئەو توێژینەوەیە بەناونیشانی (گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا) دەبەسترێتەوە بەو هۆکارانەی کە ئێستا ڕوودەدەن، وەکوو گۆڕانکاریی ژیانی خێزانی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی شوێنگرتنەوەی تەکنەلۆژیا و دیاردەی کلتووری هاوبەشی جیهانی..هتد ئەو توێژینەوەیە ئامانجی دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەیە کە لە ئێستادا دەبنە مایەی کزبوون و پاشەکشەی ئەدەبی فۆلکلۆری.

**پەیڤێن سەرەکی:** کزبوون و پاشەکشە، ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، گۆڕانی کلتووری، جیهانگەرایی، کات و سەردەم.

**پێشەکی:**

ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی وەک یەکێک لە ئەدەبیاتە هەر دەوڵەمەند و فرە چەشنەکانی ڕۆژهەڵاتە. بەبەردەوامی زیندوویەتی و مانەوەی خۆی لەگەڵ خۆیدا بووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی گۆڕانی بەسەر دادێت. بەتایبەتی لە گۆڕانی کات و سەردەمدا ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیی زیندوویی خۆی وردە وردە بەهۆی دیاردە و کردەی بەجیهانی بوون و جیهانگەرایی و ئاڵوگۆڕە خێراکانی تۆڕی پەیوەندییە گشتییەکان و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، لە زیندوویەتیی بەرەو پوکانەوە دەچێت، واتە کاریگەریی ڕاستەخۆیان لە کردەی گۆڕانی ئەدەبیاتی سەرزاریدا هەیە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ناونیشانی توێژینەوەکە (گۆڕانی کۆمەڵایەتی؛ هۆکارێک لە پاشەکشەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا) پەیوەستە بە مامەڵە کردن لەگەڵ هۆکارگەلێکی گرنگ لە ناو گۆڕانکارییەکانی کات و سەردەمدا دەردەکەون.

سنووری ئەو تـوێژینەوە بژاردەیەکـی هەڕەمەکـی چەنـد نمـوویەکە لە چەشـنی ئەدەبیـاتی فۆلکلۆر بە پێی ئەو خاڵانەی لە توێژینەوەکەدا وەک هۆکـاری گۆڕانکـارین، واتە وەرگرتنـی نمونەکـان زیـاتر بەپێـی خـاڵە تاوتوێکـراوەکانی نـاو هـۆکەرەکەی پشـتی گۆڕانکـاریی و کزبـوونی ئەدەبیـاتی سـەرزارین، زیـاتر وەرگێـران و نموونەهێنـانەوەش بە نموونەی چەنـد پەنـد و مەتەڵ و ئیـدیەم و گـۆرانی خـراونەتەڕوو، کە زیـاتر پەیوەسـتن بە ژیانی ڕۆژنە و کەم تا زۆر خەڵکی بەگشتی لەو دەربڕینانەدا هاوبەشن. خەڵک بەگشتی بۆ قسـەکردن و نموونەهێنـانە شـتێکی لـێ دەزانـن. هەر لەو ڕوانگەیەشـەوە لەو تـوێژینەوەیەدا هەردوو زاراوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری و ئەدەبیاتی سەرزاریش لە بری یەکتر بەکاردەهێنرێن.
ئامـانجی ئەو تـوێژینەوەیە دەستنیشـانکردنی ئەو هۆکـارە جۆراوجـۆرانەیە، کە تـایبەتن بە چـۆنییەتی لە دایکبـوون و مردنـی ئەدەبـی فۆلکلـۆری، لەگەڵ ئەو گۆڕانکـاریی و پێشـهاتانەی لە ئەمـڕۆدا ڕوودەدەن و لەگەڵ خۆیانـدا کۆمەڵـک دیـاردە سـەرهەڵدەدەن، بەرەو وەسـتاویی و کـزی دەبەن و پاشەکشـە بە چـالاکی ئەدەبـی فۆلکلـۆری دەکەن. ئەو تـوێژینەوەیە ئامـانجی دەرخسـتنی ئەو هۆکـارانەیە دەبـنە هـۆی ناچـالاکی و پاشەکشـەی ئەدەبیـاتی فۆلکلـۆر، جـا چ هۆکـاری جیهـانی، یـان هۆکـاری نـاوەخۆیی بـن. پرسـیاری توێژینەوەکەش ئایا لە ناو پرۆسەی جیهانگەرایی یان بەجێهانی بووندا ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لە ناو ئەو گۆڕانکارییانەدا داهاتووی چییە؟ ئایا ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە دەوڵەمەندە لە ناو کایەی ئەو گۆڕانکارییـانەدا کە بەپێی کـات و سەردەم ڕوودەدەن، ڕۆڵیـان لە ناچالاکی و نازینـدوویەتیی ئەدەبیـاتی سـەرزاریدا هەیە؟ چۆن ئەو گۆڕانکـارییە خێرایـانەی لە جیهانـدا ڕوودەدەن لەگەڵ ئەو کـرانەوەیەی کۆمەڵگـای کـوردی و کـاریگەرییە خێراکـان لە کوردستاندا ئاوێتە دەبن و پاشەکشە بەچالاکی و زیندوویەتی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر دەدەن؟
بـایەخی ئەوتـوێژینەوەیە وێـڕای دەستنیشـانکردنی ئەو هۆکـارانەی لە پشـتی پاشەکشـە و ناچـالاکی ئەدەبیـاتی سـەرزارین، ئەو تـوێژینەوەیە پاسـاوێکی گرنگیشـە بـۆ دەستنیشـانکردنی ئەو میکانیزمـانی کە لە سـەردەم و کـاتی ئێسـتادا بـۆ پارسـتن و تۆمـارکردن ئەدەبی فۆلکلۆر گرنگن، تـا ئاستی مەترسییەکانی لەناوچوونی ئەدەبیـاتی دەوڵەمەندی سەرزار کوردی کەمتربکاتەوە.

تـوێژینەوەک لە دوو تەوەرە پێـک دێـت تەوەرەی یەکەمیـان کـردەی گـۆڕانی کلتـووری لە نـاو کۆمەڵێـک چەمـک زاراوەی جهـانگەرای و سـیتەمی نـوێی جیهانیـدا خـراوەتەڕووە، لە تەوەرەی دووەمـدا لایەنـی پراکتیکـی لەسـایەی ئەو گۆڕانکارییـانەی کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەردەمی ئێستا بەهۆکاری جۆراوجۆر بە دوای خۆی داهێناون، بەمەش هۆکاری کزی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری دەخاتەڕوو.

**گۆڕانکاریی کلتووری لە کایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا:**

لە ئاستی گشتی و جیهانیدا کلتوورێکی هاوبەش و کاڵبوونەوەی کلتوورە جیاوازەکان سیمایەکی دیاری ئەمڕۆی مرۆڤایەتییە. بەشێوەیەک جیهان لە ناو ئاڵوگۆڕی کلتووریدا ئامادەییەکی هاوبەشی ئەوتۆی هێناوەتەوە کایەوە، تەنها بە دواندن و پرسیارکردن، جیاوازیی سیمای مرۆڤەکان و بیرکردنەوە و زمانیان دەردەکەون، بە واتایەکی تر لە ڕووکەش و هەڵسوکەوت و ڕەفتارکردندا جیاوازییەکی ئەوتۆ بۆ ناسینەوە و کلتووری جیاواز بەدی ناکرێت، چونکە جیهان لە ڕواڵەتی یەک کلتووری هاوبەشدا دەردەکەوێت. لەپاڵ ئەمەشدا بەپێی ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان، ئاستی گۆڕانکاریی کلتووری زۆر خێرایە و ڕێژەی جیاوازبوون و کاڵبوونەوەشیان وەک نییە. هەر نەتەوەیەک ئاستی مامەڵەکردن و پارێزگاریی کلتووری و ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان، جیاوازییان هەیە، بەڵام هیچ نەتەوەوە و قەوارەیەک لەو ئاڵوگۆڕە کەلتوورییە و سیمای هاوبەشبوون و گۆڕانکارییە خێراکان بەدەر نین. بەو پێیە کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان لەبەریەکەوتنی کلتوور و گۆڕانکاریی کلتووری و پێشهاتەکاندا هەیە. بەردەوامی سیمایەکی هاوبەش دروست دەکەن. هەمیشە هێزێکی زاڵ ئاڕاستەیەک بۆ کلتوورێکی هاوبەش ئامادەیی هەیە. ((کلتووری زاڵ بەردەوام هەوڵدەدات بەها تایبەتییەکانی خۆی وەکوو تاکە بەهای بایەخدار بەسەر سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵگا بسەپێنێ. لەبەرئەوە پارێزگاران بەردەوام حەزدەکەن کەمترین ئەندازەی گۆڕان بە دان نەریتەکانەوە بنێن. لیبڕالەکان بە زۆری لایەنگری بەدیهێنانی گۆڕانکاری هێواش و سنووردارن و لەبەرامبەر ئەوانەدا ڕادیکاڵەکان بەردەوام لە خەمی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتیدا)) (موحسنی، ٢٠٠٢، ل١٣٥) بۆیە گۆڕانکاری خەسڵەتێکی هەمیشەییە و بەپێی کات و سەردەم لە گۆڕان دایە.

بیرمەندان و کۆمەڵناس و تیۆر داڕێژەران چ لە سەدەی بیستەم چ لە سەدەی نۆزدەمدا لە کانت و ماکسەوە تا دەگاتە مارکسیستەکانی سەدەی بیستەم و لیبڕالیەکانیش پێیان وایە بە تێپەڕبوونی کات و گۆڕانی کۆمەڵگە مرۆییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییە کلتوورە جۆراجۆرەکان کەمتر دەبنەوە، بەرەو کۆمەڵگایەکی جیهانی بێ کەلێنە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەچێت. لیبڕاڵەکان و تیۆرداڕێژەرانی نوێکردنەوەش ئەو جۆرە نیشانە کلتوورییانە بە دیاریەکی کلتووری دادەنێن، لە (کۆتایی مێژوودا) لە کامڵبوونی قۆناغەکانی نوێکردنەوە وردە وردە لەناودەچن. لەناو ئەو پرسگەلە هاوبەشە جیهانییەدا، کەسایەتی دادەڕێژرێن، نەک لەسەر بنەمای هۆگری و پەیوەستییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

کلتوورییەکان (گوڵمحەممەدی، ٢٠٠٧، ل١). ((فێربوونی کلتوور لە ڕێگای مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت. فێرکردنشی بەهۆی پەیوەندییە بەرامبەرەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا شێوە وەردەگرێت. کلتوور بە ڕێگای بۆماوەیی ناگوازرێتەوە، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە. کولتوور بەرهەمێکی پاشماوەی کۆمەڵایەتییە و لە دروستبوونیدا چەند هۆکارێک وەکوو زانیاریی زانستانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا هەن، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارەکانی پێکگەیشتنی دەستەجەمعی دەور دەبینن)) (موحسینی، ٢٠٠٢، ل١٠٤) حەتمیەتی گۆڕان و گۆڕانکاریی کردەیەکی بەدی هاتووە، لەو پەیوەندییەشدا دیاردە و وردە باتە کلتوورییەکانی دیکەش دەکەونە ژێر ئەو هەژموونە گۆڕانکارییانەوە.

دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان وەک قۆناغی پۆست مۆدێرن گۆڕانێکی خێرا و بەرچاوە، ئەوە جێگای هەڵوەستە و لێکدانەوە بووە، بەردەوام ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی سەدەی ڕابردوو بەخێرای بازیان دەدا، لەو بازدانەشدا هەردوو قۆناغبەندی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن وردەکاری و شۆڕبوونەوەی تیۆری زیاتر بۆ ئەو گۆڕانکاریی و ڕووداوانە کران، کە هەژموونی گۆڕانکاری لە پرۆسەی کاتدا هەمەلایەن و بەرفروان دەبێت، بۆیە کۆی کایە و کەرەسەی ماددی و نامادّدی و هزرییەکان دەگۆڕێن ((ئاشکرایە ئەوڕۆکە هەر ئەو کەرەستانەیە لە عەقڵێکی مۆدێرندا بەکار دەبرێ و لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی بەهێزدا وەک ئاستێکی ژیاری و تەکنەلۆژی بەکاردەبرێ و کەوتۆتە نێو تۆڕێکی گەورەی سیستماتیکی بەرفراوانەوە هاوکات سەرلەبەری ڕیتمی ژیانی ڕۆژانەی تاکە کەس و کۆمەڵ و گروپەکان گۆڕانکاریی و وەرچەرخانی گەورەیان بەسەردا هاتووە، تەواوی ئەو زەمەن و سەروەخت و شوێن و بونیاد و سیستمانە گۆڕانکاریی ڕەگوڕیشەییان بەسەرداهاتووە)) (جەبار، ٢٠١٠، ل١١-١٢) بۆیە کاریگەری بۆتە دیاردەیەک لە دەرەوەی ویستی کۆمەڵگا و تاکیش دایە. یەکێک لەو هەژموونی گۆڕانکارییانە هەژموونی تەکنەلۆژیا و ماس میدیا و کاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە، بە تایبەتی بینراو زۆرتر ئەو پانتاییە داگیر دەکات. هەمان ئەو هەژموونە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاریگەرییەکی خێراو بەرفراوانی لەسەر کورد هەیە و پێشبڕکێی داب و نەریتەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەشێوازێکی مۆدێرنیش موتربەیان دەکات، لە هەموو تەمەنێک و ڕەگەزێکدا کاریگەری زۆری بەسەر دیاردە کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەوە هەیە. تەنانەت ئەو گوندانەش کە مۆرک و ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە، ناتوانن لەو کاریگەرییە دەربچن (شاسواری، ٢٠٠٨، ل٥٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**جهانگەرایی و کاریگەریی کاڵبوونەوەی کلتووری ناوچەیی:**

جیهـــانگەرایی (Globalism) و بەجیهـــانیبوون (globalization) لە چوارچێـــوەی زاراوەی جۆرواجۆری وەک گەردوونی و سیستەمی نوێی جیهانی و ئیمپریالیزمی نوێ، لە ناو کۆمەڵێک چەمکی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت، هاوکاتیش بڵاووبونەوەی تەکنەلۆژیا و تێکەڵاوی کلتووری و نزیکبوونەوەی جیهان و بچووکردنەوەی جیهان، مانای بەرفراوان بەجیهانی بوون دەدەن. هەندێجار ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی هەوڵی بە ئابووری و سیاسەت و کلتوورێکی جیهانی بۆ مرۆڤایەتی هەڵدەبژێرن، لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆر لە ڕێی بازاڕی ئازاد و تەکنەلۆژیا و پەیوەندیکردن، دەیان کەناڵی جیاواز بۆ کردەی بەجیهانییبوون دەرکەوتووە و وەک هێز و کاریگەرییەک لە زۆربەی کایەکانی ژیان خۆی نواندووە. لە سایەی ئەم دەرکەوتەیەش زیاتر ئاستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەوڵەت و بازاڕ و خوێندن و بیرکردنەوە و گۆڕانکاری هزری ڕوویداوە. یەکێک لەو لایەنانە بریتییە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کزی بەها کۆمەڵایەتییەکان و کلتوورییەکان، تا ئەو ئاستەی ئەدەبی فۆلکلۆریش لەژێر تێگەیشتن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کلتووریدا، وەک برەوی کۆمەڵاییەتی و ئاستی بەکارهێنان و کزبوون و پووکانەوە، زۆر گۆڕانی ڕوویانداوە، بۆیە یەکێک لەو تێگەیشتنانەی ئەمڕۆ، لە سایەی دیاردەی جیهانگەرایی و هەژموونی یەک ئاڕاستەییە، هەروەها کاریگەریی و دیاریکردنی ئاڕاستەکانی ئەو کۆمپانیا زەبەلاح و زۆر و زەوەندەکان حەزی تاک و گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستە دەکەن، لەگەڵ خۆیاندا خەسڵەتی کلتووریی جیاواز یەک دەخات، بە جۆرێک هیچ شەپۆڵێک لەبەردەم ئەو میدیا و پاوانخوازیی و ئاڕاستەکراوانەدا ناوەستێت. ئەو شەپۆڵە بەرفراوانە و فرە لایەنە ئەمڕۆ مرۆڤ بەرەو سەلیقە و ئارەزوویێکی هاوبەش گرێ دەدات.

زۆربەی بیرمەند و تیۆرستانی سەردەم بۆ ڕوانین و پرسەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کلتووری و جیهانگەرایی پێیان وایە لە سایەی ئەو سیستەمە نوێییەی جیهان یەک نیشتمانی بێ دەوڵەت، وەک سیستەمێکی پارێزگاریی لە بری سیستەماکانی دیکەی سەدەی بیستەم، دروست دەبێت. (گمبڵ، ٢٠٠٦، ل١٥) ئەگەرچی خوێندنەوەی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و کلتوورییانە وابەستن بە ئاڕاستەی جیهانگەرایی، لە هەمانکاتدا ئاڕاستەی پێچەوانەش هەر جێی مشتومڕە. یەکێک لەو بەڵگانە پرسی جیهانگەرایی لە سەردەمی کۆڕۆناشدا هەڵوەستەیەکی دروست کرد، کە هەموو شتێک بەو خێراییەوە بچووکبوونەوەی جیهان و سیما و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان وەلا نانرێت. بەتایبەتی لە گوتاری ئێستادا ئەو ئاقار بەندییە خاوتر کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری جیهانگەرایی بەردەوامی هەیە ئەگەر لە هەندێ پرس و بابەتی تایبەتدا وەک بەریەکەوتنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کلتوورەکان و پرسەکانی فێمینیزم و کاری ڕێکخراوەیی و پرۆسەی دیموکراسی هەندێک ئاراستەی ئەرێنی وەرگرتووە، بەڵام بەدیوێکی دیکەش لە ڕووی ئەو بەها کلتوورییانەوە وەک ئەدەبیاتی سەر زاری و تایبەتمەندی ئەدەبی فۆلکلۆری کاڵبۆتەوە، بۆ نموونە لە کۆی ئەو ڕوانییە هاوبەشەی وەک بەشێک لە پرۆسەی نووسین و گوتاری ڕۆشنبیری هەیە، جیهان چرکراوەی تێگەیشتنێکی هاوبەشە بۆ ئەو ئەگەر و ڕووداوانەی کە لە جیهان ڕوودەدەن، وەک یەکەی تێگەیشتن ڕاڤە دەکرێن، سەر لەبەری ئەو تێگەیشتنە جیهانییە، بۆیە پرسەکانی وەک ڕەڤەی کلتووریش لە ڕووە گشتییەکەی دەکەوێتە ژێر تیشکی ئەو تێگەیشتنە. ((جهانگەرایی و ڕامالینی سیمای کلتووری نەتەوەکان وەک هۆکاری دەرەکی کاریگەری بەسەر هەموو جیهاندا هەیە، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی میکانیزمی خۆپارێزیان بۆ شەپۆڵە جیهانگەراییە کزە و هەر خەریکی لاسایکردنەوەن))(بایز، ٢٠١٩، ل١١).

ئەگەرچی سیستەمی نوێی جیهان لە ناو کۆمەڵێک ڕوانگەیی تیۆری جیاواز و دژبەیەک و ناکۆک قسەیان هەیە بۆ پرسی ئابووری و سیاسی کاری ڕێکخراوەیی و ئافرەت و ژینگە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئاستی تێگەیشتنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەها کلتووری و چێژە کلتوورییەکان لە ناو ئەو هاوکێشە سیستەمە نوێیەی جیهان گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە ((لە ڕووی کلتوورییەوە گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵگا بەگشتی دروستبووە، وایکردووە بونیادی خێڵ و بونیادی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش بگۆڕدرێن، ئەمەش لە هەندێ باردا ئەم بونیادانە بەرەو نوێبوونەوە هەنگاویان ناوە، ئەگەرچی لە هەندێ باری تردا، بەرەو دژایەتی و لێکترازان هەنگاویان ناوە)) (یەحیا، ٢٠٢١، ل١٨٥) لەنێو ئەو هاوکێشەدا ئەو گۆڕانکارییانە وەک تۆڕێک بە هەموو دیوە هزری و گۆڕانی ڕەفتار و ئاکار دەگرێتەوە، بۆیە بەردەوام لەناو کردەی کاتدا گۆڕانکاریی وەک هەرەمێک لە کلتووری بیرکردنەوەدا ڕوودەدات. بەتایبەتی ئەگەر دەسەڵات لە میکانیزمی بەرگری و خاو کردنەوەی شەپۆڵەکانی جیهانگەرایی هارمۆنی ئەو سیستەمەدا ڕۆڵ نەبینێت، پرۆسەی داماڵینەکە خێراتر دەڕوات. ئەو تایبەمەندییە نەریتی و گوندییەی لە کوردستاندا هەیە دیوێکی بەرەنگاریی و خەسڵەتی لۆکاڵی هەیە، خێرا دەکەوێتە ناو تۆڕە گشتییەکە ((لە ئاکامی ئەو غەمساردی وێرانکردنەوەی دێهاتەکاندا کولتووری ڕەسەن، بەروبوومی کشتوکاڵی زەنگین، زمان، ئەخلاقی کورد..هتد، خەریکە سەرتاپا نغرۆ دەبن و لە بری ئەوەش تێکەڵاوییەک لە کلتورێکی شێواو و بۆدەڵی داگیرکاران و بیانی پەرەدەسێنێ))(هەندرێن، ٢٠١٧، ل١٦٠) بەتایبەتی ئەگەر ئەو بەها کلتوورییەی کوردی نەنرخابێت، چونکە پێش ئەو شەپۆڵە بەرفراوانە، گرنگە بەهای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کلتووری ڕەنگڕێژی خۆ هەبێت، تا ئاستی دامالینی کلتوورییەکە خاوتر بێت و میکانزمی بەرگری ئامادەیی هەبێت.

کارگەری جیهانگەرایی لەسەر ناسنامەی کلتووری بەردەوامی هەیە، کەم تا زۆر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەو کاریگەرییە دەرکەوتووە. وەک (جۆن لۆک) پێی وایە هۆشیاریی یادەوەری وەک پایە و پێکهاتەی ناسنامەی تاکەکەسین، چونکە هۆشیاریی تاکەکەس لە پەیوەندی ژیانی ڕابردوو بە ئێستاوە دەردەکەوێت. لە هەر کۆمەڵگایە ئەو شێوازە ژیانە بە دوایەکدا هاتووە بەهۆی هونەر و باوەڕ و داب و نەریتە، کە تاکەکانی کۆمەڵ باوەڕیان پێی هەیە، لە سایەی ئەو دامەزراوەوە، بەو ئاکار و داهێنانە هزری و زمانی و فۆلکۆرییانەوە و بەها و چالاکییەکانی نێوان خۆیان بەرهەم دێت. ناسنامەی کلتووری لە کۆمەڵێک خەسڵەتی ئاکاری و بەهای کۆمەڵایەتی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر لە سەرەتای ژیانییەوە پێیەوە کاریگەر دەبێت، هەروەها هەلومەرجە جوگرافی و مێژووییە لە سەردروستکردنی ناسنامەی کلتووری کاریگەری خۆیان هەیە. (الزدجالي، ٢٠١٤، ص٢١٣-٢١٤)، ئەو ناسنامە کلتوورییە، بەپێی نەتەوەکان دەگۆڕێت، کاریگەریی بەجیهانیبوونیش ڕێژەییە، ڕێژەی کارتێکردن دەگۆڕێت. ((هەموو بیرمەندانی تایبەت بە دیاردەی بەجیهانیبوون لەسەر ئەوە کۆکن، ئەو دیاردەیە لە ئێستادا گەشەی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کە دەوڵەتە لۆکاڵییەکان بەرەو لاوازی دەچن وکولتووری لۆکاڵی لەبەردەم لەناوچوون، یان هیچ نەبێت لاواز بوون دایە،لە جێی ئەوان کولتوورێکی جیهان بەڕێوەیە، کە هەڵگری پەیام و دونیابینی تایبەت بە خۆیەتی، ئەمەش لە سایەی سیستمی سەرمایەداری لیبڕالی بوو)) (یەحیا، ٢٠٢١، ل٧٢).

**ئەدەبیاتی سەرزاری لە گۆڕانکاریی کلتووری و سیاسیدا:**

کوردستان بەو دابەشبوون و پەرچەبوونە سیاسییەی هەیەتی ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاوازی وەرگرتووە، هۆکارە گشتتیەکانی ئەو توێژینەوەیە هەموو پارچەکانی کوردستان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵانەی بۆ پەرۆشی و کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری دراون، بەپێی پارچەکانی کوردستان دەگۆڕێن و ئاستی مەترسییەکانی کزبوون و لەناوچوون جیاواز و جۆراوجۆرن. لە باشووری کوردستان ئەو هەوڵانەی لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابروودا دراون، زیاتر و بەرچاوترن. هەوڵەکانیش لە چاپ و چاپەمەنییەکانی ساڵانی هەشتاکان، زیاتر هەوڵەکان تاکەسی بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار کەمتەرخەمی و هەوڵەکانیش وەک پێویست نەبوون، ئامادەکارانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری سەرزاری، لەپێش ڕاپەڕین ئاماژەیان بە وکەمتەرخەمیانە کردووە، هاوکاتی ئەو هەوڵە تاکەکەسییەی باشووری کوردستان هەوڵی پارچەکانیتریش هەیە، بەتایبەتی لە یەریڤان و کوردانی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران لە ساڵانی سییەکان هەوڵی باش و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کاریگەربوون، لە ماوەی دە پازدە ساڵی ڕابردووشدا لە ڕۆهەڵاتی کوردستان هەوڵی تاکەکەسی باش بۆ کۆکردنەوە و چاپ لە ئارادان. لەگەڵ ئەوەشدا وێڕای ناتەواویی پچڕانی پەیوەندی پارچەکان، لە باکوور کوردستان تاوەکوو ئێستا بەهۆکاری سیاسی ئەو دەرفەتە بەرفراوانە لە ئارادا نییە. (( لە کوردستانا ترکییێ ژبەر ڕەوشا سیاسی ژبەردەستی قەدەغەتی تورەبوونا ئیمکانان نمونەیێن فۆلکلۆرا کوردی، هەم نەهاتنە بەرەڤکرن، هەم ژی ل سەر ڤان بەرهەمان کار، خەبات و لێکۆڵینێن زانستی نەهاتییە پێکئانین، ژبەر ڤان دوورییان فۆلکلۆرا کوردی ئیرۆ باش نایێ ناسین))، (ڕۆهات ، ٢٠٠٦، ل٢)، شایەنی باسە لەو هەوڵەی توێژەران بەشە کوردییەکانی باکوری کوردستان لەو چەند ساڵەی دوایدا بەرنامەی کاریان بۆ ئەدەبیات و کلتوور زمانی کوردی دەستپێکردووە، گۆڕانکارییەکیش بۆ ئەو پرسە لە باکوور دێتەکایەوە.

کلتوور وەک چەمکێکی بنەڕەتی زانستی کۆمەڵایەتی، پەیوەست بەتەواوی کایەکانی زانستە مرۆییەکان و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە سەروسەودایان بەهەڵسوکەوت ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە هەیە، لە تێگەیشتنی جیاواز و جۆراوجۆرەکاندا، شتێکی هاوبەشی مرۆیی لە پیوەندییەکانی مرۆڤدا دەردەکەوێت، بەو واتایەی بەهایەکی کلتووریێک لەگەڵ بنەماکانی دیکەی پێکەوە ژیان کۆیان دەکاتەوە، هەروەها لە ناو ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەشدا، کلتوور خەسڵەتێکی گوێزراوەی هەیە. ((گۆڕان لە بەشێکی کولتووردا دەبێتە هۆی گۆڕان و ململانێ و گوشار لە بەشەکانی تریشدا)) (موحسنی، ٢٠٠٢، ل١٢٢) لە ناو ئەدەبیاتی سەرزاریدا بەپێی کات و هۆکارە ناوەخۆییەکان دەستاو دەست دەکات. هەر کۆمەڵگایەکیش خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەو بەهایانەی کە لەناو ئەدەبیاتی سەرزاریدا هەن، هەمان ئەو بەها کلتوورییانەن لە هەناوی تاکەکانی کۆمەڵدا سەرچاوەیان گرتووە ((وەختێك تاکەکانی سەر بە کولتوورێك بەهەر هۆکارێك دێنە ناو کولتوورێکی ترەوە، کولتووری هاتوو دەست دەکات بە فشار خستنەسەر تایبەتمەندیەکانی کلتووری یەکەم و هێواش هێواش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەم پرۆسەیە بە لێدانی کولتووری ناو دەبرێت)) (ڕەشید ، ٢٠١٦، ل٢١). ئەوەی لە گۆڕانە کلتوورییە ڕۆڵ دەبینێ کلتووری زاڵ و هێزی شوێنگرەوەی کلتوورە بەسەرئەوەی تردا، ئەو کلتوورە نوێیە لە هێزەوە سەرچاوەی گرتووە، بە کۆمەڵێک هۆکارەوە گرێدراوە. ((کولتووری نوێ بەشێوەیەکی توند خۆی دەخزێنێتە ناو کولتوورەکەی تر و دووچاری لاوازی و بێتوانایی دەکات، ئەم لێدانەش زۆرجار هۆکارەکەی کۆچکردنە. هەتاکو جیاوازییەکان لە نێوان کولتوورەکاندا زۆرتر بێت، هێزی لێدان و بەریەککەوتنەکە زۆرتر دەبێت. کولتوور دیاردەیەکە دەگۆڕێت، ئەزموونی مێژوویی ئەوە دەردەخات، کە کولتووری کۆمەڵگەیەکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیاریکراو لە کات و ساتی جیاوازدا یاخود لە شوێن و جوگرافیای جیاوازدا گۆڕانی بەسەردا دێ)) (هەمان سەرچاوە، ل٢١).

ئەو کلتووره دەستاو دەست و خێرایانەی ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ڕوودا و گۆڕانکارییانەن لە کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕوویان داوە. لە سایەی ئەو سیستەمە جیهانییەدا سیمای کلتووری نەتەوەکان ڕادەماڵێت و مۆدێلی و کلتوورێکی دیکە ئاڕستە دەکات. بۆیە لە ناو ئەو گۆڕانکارییە خێراییانەی ئەمڕۆ ئەدەبیاتی فۆلکلۆر کە پەیوەستە بە بیرکردنەوە و کلتووری نەتەوە، هاوپەیوەندە بە کلتووری قۆناغێکی دیاریکراوەوە کە تێیدا کات و شوێن و کلتوور لە بەکارهێنان و لە دایکبوونی ئەدەبیاتی فۆلکۆریدا ڕۆڵ دەگێڕن و دەبنە بنەمایەکی گرنی بنیاد و پێکهاتەی چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر. ئەوەی جیاوازە لە سەردەمی ئێستادا کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و کات و شوێن و کەرەسەی ماددی و نامادی وەک پێکهاتەی کلتوور گۆڕانی بەسەر داهاتووە. لە سای ئەو گۆڕانە کلتوورییدا ئەدەبیاتی فۆلکلۆریش وەک بەشێک لەو کلتووره دەگۆڕێت و کلتووری دیکە شوێنی دەگرێتەوە و لە چالاکی دەخات. ((وەستاوی و بۆ هەمیشە وەك خۆی نامێنێتەوە، سەقامگیریی بۆ ماوەیەکی کاتی دروست دەبێت لە پەیوەندیدا بە هەندێك بنەما و ڕەگەز لە کولتووردا، بەڵام ئەم سەقامگرییە هەمیشەیی نییە، بەڵکوو بە کات و دیاردە کولتوورییەکانەوە پەیوەستە، هەر کاتێك پێویستیی نوێ و دیاردەی کولتووری نوێ سەریان هەڵدا. گۆڕان لە کولتووردا سەرهەڵدەدات، ئەم بنەمایە بۆ کولتووری کۆمەڵگەی کوردیش ڕاستە و چاوەڕوانکراوە، بە تایبەتی گۆڕانە کولتوورییەکان لە چواردەورمان و لە جیهانی دەرەوە خێرا و بەرچاون)) (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٢٢) دەکرێت ئەو شەپۆلە بەهێزەی وەک ڕامالین و دامالین خەسلەت و بەهای کلتووری کاڵ دەکاتەوە، بەلایەنی کەم تۆمارکردن و چاپکردن دەبێتە میکانیزمێکی بەرگری بۆ خاوکردنەوەی ئەو شەپۆلە، چونکە دیوێکی گرنگی ئەمڕۆی قەوارەی نەتەوەیی زمان کلتووره، وەک پایەکی سەرەکی بۆ ماوەنەوە ئامادەیی هەیە، هەروەک چۆن لە ڕابردوودا کوردستان لە ناو ئەو هەموو هێزە داگیرکارییەدا توانیویەتی قەوارەی نەتەوەیی خۆی لە ناو ئەو جوگرافیا پەرتەوازە و داگیرکارییەدا پارێزگاریی لێ بکات.

## کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر گۆڕانی بەهای ئێستاتیکی و هونەریدا:

تەکنەلۆژیا وەك یەکێك لە دەرهاویشتە و پێدراوەکانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی، هەروەها وەك دەرکەوتەیەکی گرنگ و خێرای پرۆسەی مۆدێرنە، نەخشی زۆری هەیە لەسەر کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتورییەکان، بەرهەمی فۆلکلۆری ئەدەبی وەک بەرهەمێکی گەل و نەتەوە و میراتی نەتەوەیی دادەنرێت، ئەو زیندوییەتییەی هەیە وابەستەیە بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بە ژینگە و دەوروبەر، وەک مێژوویێکی ڕاستەقینە و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

کۆمەڵایەتی دادەنرێت (عومەر، ٢٠١٨، ص٣٨) ئەم پەیوەستبوونە مێژوویی و ژینگەییە بەپێی گۆڕانی کات، گۆڕانی بەسەر دادێت. کۆمەڵگای کوردی هاوکاتی مانەوەی هەندێک داب و نەریتی کۆن لەگەڵ کلتووری نوێشدا مامەڵە دەکات و کاریگەری لە دەرەوەی خۆی هاتۆتە ناوی و لە زۆر باردا کلتووری نوێ جێگای گرتۆتەوە، بەجۆرێک لە ناو ئەو کلتوورە هاوبەشە جیهانییەدا ئامادەیی هەیە، لە ژێر ڕۆشنایی تێزەکەی (ولیام ئۆگبێرن) بۆ پرسی گەشەی ماددی و نامادی کلتوور، ئەو گۆڕانکارییە مادییانەی ڕوویانداوە لە ڕووی تەکنەلۆژی و گەشەی ئابووری و دیجیتاڵی، کلتووری کۆمەڵایەتی وەک کلتوورێکی ناماددی کەمتر گۆڕانی بەسەرداهاتووە و خاوترە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک بەهای مرۆیی کۆمەڵێک دیاردەی گرفتئامێزیش وەک بێ پێوەری کۆمەڵایەتی و ترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ترازانی پەیوەندییە گەرمەکان و پەرتبوونی بەها مرۆییەکان و هاوردەی درۆینە و بەرژەوەندیخواز کە هەر یەکێک لەوانە لەگەڵ تێزی (ئیمیل دۆرکایم) پێوەری کۆمەڵایەتی دنیای نوێ و (زگمان باومان) لە پەیوەندی نوێگەریی شل ئاماژەیان بۆ کراوە و کاریگەری خۆیان نواندووە. بەدیوێکی دیکەشدا مۆدە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی کات و شوێن ڕۆڵیان لە دیاریکردن و نەخشاندنی کەسێتی مرۆڤەکاندا هەیە، ئەو مۆدە کۆمەڵایەتییانەی ڕۆڵیان لە دروستبوونی چینایەتیشدا هەیە و لە دروستکردنی پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتیدا بەشدارن، هەروەها دروستکردنی دەستی سیاسی و شارستانی وهونەریش دەگرنە خۆیان. ئەو مۆدە کۆمەڵایەتییانە دیاردەی ئابووری و کۆمەڵایەتین، لە پرسی چینایەتیدا مەودای دورستکردووە و زەقتری کردووە، ئەمەش لەگەڵ هەر یەکێک لە تێزەکانی (جۆرج زیکیل و مارکس ڤبلن) دەگونجێت. تەنانەت جیهانی نوێ لە دیوی سەرمایەدارییەوە کاریگەری لەسەر هونەر و کلتوور هەبووە، لە ناویشیاندا کاریگەری تەکنۆلۆژیا لەسەر چێژ و جوانی هونەری موزیک بەرچاوە. گۆرانی کوردی وەک نمونەیەکی کلتووری و هونەری کاریگەریی موزیکی نوێ لەسەرە و بە کاڵا کراوە وەک سەرگەرمکردن و بۆ پارە و سامان بە ئامانجگیراوە، ئەمەش ئەو پاشەکشەیەی کلتوور و چێژی گشتی لێیەوە چاوەڕوان دەکرێت، ئەگەرچی لە ڕووی موزیکییەوە کلتووری کوردی زیاتر لە هەموو کایەکانی دیکەی کلتووری توانیویەتی وەک شوناس و زیندوویەتی خۆی لە پرۆسەی بەجیهانیبوون ببینێت (ڕەشید، ٢٠١٦، ل١٢٥- ل١٢٦).

ئەو تێگەیشتنە تیۆرییەی بۆ گۆڕانی کلتووری لە ئارادان کلتوور بەگشتی و لەناویشیدا کلتووری بیرکردنەوە وگوێگرتن و وەلانانی شێوازی دەربڕینی زمان و کەرەسەکانی زمانیش گۆڕانییان بەسەرداهاتووە بەپێی ئەو چینایەتییەی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنەلۆژیا بەرهەمی هێناوە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لەپرسی ئەو مۆدەکۆمەڵایەتیانەدا پەراوێزخراوە، چونکە بەشێوەیەک بەکارهێنانی کەرەسەی ماددی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

نامادییەکان لەگەڵ ئەو مۆدە کۆمەڵایەتیان و چینە کۆمەڵایەتییانە پاشەکشەی کردووە و ناچالاکە، چونکە کەرەسەکانی زمان و دەستەواژە و کەرەسەی نامادییەکان هەماهانگیان لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکەدا هەیە، لە ناو ئەو چینە کۆمەڵایەتیەشدا وەک دابەشبوونی چینایەتی زمان و میراتی کلتووری بیرکردنەوەی ڕابردووش گۆڕانی بەسەرداهاتووە. تەنانەت چینی مۆدە کۆمەڵایەتییەکان بۆدەرچوون لە چینە گشتییەکە پێویستە زمان و بیرکردنەوە و کەرەسەی بەکارهێنانی ئەدەبیاتی ڕۆژانەشیان جیا بێت.

**ئەدەبی فۆلکلۆری لە نێوان لێکەوتەکانی کات و سەردەمدا:**

هەموو ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتیانەی و گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن هاوپەیوەستن بە کات و سەردەم، بۆیە لە چوارچێوەی کات و سەردەمدا پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، لە کاتی جیاواز جیاوازدا گۆڕانکاریی بۆ چالاکی و زیندوویی ئەدەبیاتی سەرزاری بە پێی هەلومەجە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەم قسە هەڵدەگرێت، چونکە بەرجەستەکردنی کلتووری تایبەت بەپێی کات لەگەڵ ئەو هەلومەرجە دەگۆڕێت کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە جیاوازن. لە قۆناغی منداڵیدا گۆشکردن و ڕاهاتنیان بە وتنەوەی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر سروشتی بوو، بەشێوەیەکی خۆکرد و ئاسایی درێژەی هەبووە، بەڵام لە نەوەی ئێستادا وردە وردە بەپێی گۆڕانی سەردەم هۆکارەکانی پەیوەستبوون گوێزانەوەکە نامێنێت. لە ئێستا منداڵان لە دەرەوەی بازنەی فێرکاریی و پەروەردەی کلتوورین، هەر ئەوان دەبنە نەوەیەک و هۆکارێک بۆمانە و زیندووی ئەدەبی فۆلکلۆری. ((منداڵانی ئالۆدەبوو بە شاشە زیرەکەکان (نەوەی ئایپاد) زۆر کەم شارەزای کلتوور و کەلەپور و فۆلکلۆری نەتەوەکەیانن و فەرهەنگی زاراوە ڕەسەنەکانی زمانی دایکیان زۆر کەم و لاوازە بەبەراورد بە نەوەی کۆن و ئەو منداڵانەی دوورن لە شاشە زیرەکەکان و ئەنتەرنێتەوە)) (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ل١٦٢) بەرجەستەبوونی کات لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و هەلومەرجەی ئێستا دەتوانرێت ناچالاکی ئەدەبیاتی سەرزاری تاوتوێ بکرێت، بە واتایەکی دیکە کاتی زستانە و پێکەوە ژیان و پیشەوەری لە سەردەمی باپیرانی ئێمەدا لەگەڵ جیاوازییەکانی ژیانی ئێستادا جیاوازییەکانی ئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەردەکەون، بەجۆرێک زمان و بیرکردنەوە و کلتووری قسەکردن و پێکەوەژیانیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کەواتە ئەو پەرتییە کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتی بوون دوورکەوتنەوەی پەیوەندییەکان یان پچرانی کات و سەرقاڵی ئەندامەکان و گۆڕانی ڕێڕەوی ژیان و گۆڕانی خەو ژەمەکانی خۆراک و کۆنەبوونەوەی خوان وایانکردووە گۆڕانی دیاردەی ئەدەبیاتی سەرزرای، لەگەڵ سەردەمدا گۆڕان لەخۆیدا دروست بکات. دەکرێت بڵێین لە ناو ئەو کاتە فیزیکییەدا ئاستی زیندوویەتی و نالاچاکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لەسەر ئەو شێوە ژیانە بەندە، کە سەردەم بۆ سەردەمێکی دیکە فۆرمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بیرکردنەوە و کەرەسەکانی دەگۆڕێت. بۆیە ئاساییە ئێستا ئەو مەترسی پاشە کشەیەی ئەدەبی فۆلکلۆری هەستپێکراو بێت. تا ئاستی کزی و پاشەکشەی بێ بەهایی نەوەکانی ئێستا بەرامبەر ئەو ناسنامە هزرییە.

**فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی لە گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا**

**- گۆڕانکاری لە کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتیدا**

لە نێو سەدەی ڕابردوودا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی گەرموگوڕی ئەوتۆی هەبوو، تا کردەی زیندوویی و چالاکی ئەدەبی فۆلکلۆری بەردەوامی هەبێت، چونکە هەبوونی پەیوەندییەکان و نەبوونی ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا وایکردبوو ئەو پەیوەندییە گەرمگوڕە ئاراستەی بیکردنەوە و کاتبەسەربردن لە ئەزموونکردن و گێڕانەوە و هزراندن فۆرمێکی گشتی وەربگرێت، بە جۆرێک بەردەوام ئەو بزاوتە کلتوورییە سەرزارییە بەردەوامی پێ بدات و گۆڕانکاریش بە دوای خۆیدا وەک میکانیزمی زیندوویەتی تەکان بدات. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکانی قۆناغی مۆدێرنی سەدەی ڕابردوو، وردەوردە و ڕۆژبە دوای ڕۆژ چێژ و زەروڕەتی زمان و کلتوور جێی پێ لەق دەبێت. کۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی لە ژێر چەمک و هەژموونی جیاوازەوە دێن سیما و خەسڵەتی ئەو ئەدەبیاتە سەر زارییە ڕادەماڵێت، لە ناو کردەی کاتدا لە جوڵە دەکەوێت، چونکە ئەو دابەشبوونە چینایەتییەی کە پێشتر هەبوو شتێکی هاوبەش لەو ئەدەبیاتە سەرزارییە کۆی دەکردنەوە، لێ ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە جوڵە و ئاراستەی هاوبەش و گوێزانەوەی هەبوو، هەروەها پێشوازی لێ کراوبوو. بۆ نموونە ژیانی کۆچەری کوردی لە کوێستان و گەرمێندا بەهۆی هاتوچۆکردنیان زۆر داب و نەریت و ئەدەبی فۆلکلۆری ئەوان بە تایبەتی گۆرانی، ڕۆڵی لە پەرەسەندنی ناوەڕۆک و بابەتی حەیران و لاوکدا هەبوو. لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدا ڕەوەندەکان گەشت و گەڕانی کوێستانەکانیان دەکرد، زۆر بەرهەمی هونەری و ئەدەبی لەو پەیوەندییە کلتوورییەدا لە دایک دەبوو. ((لەو سەرەوە کە بەهار لە هیچ شوێنێک نەدەما، ئەوانیش دەستیان بە گەڕانەوە دەکرد، لەم جێگۆزی و هەوار گواستنەوەیەدا داونەریت و هونەرەکانیشیان جێگۆزی دەکرد، و شەقڵ و مۆرکی خۆیان بەسەر خەڵکی ناوچەکە و ڕێپێڵگەکانەوە بەجێ دەهێشت)) (مەخمووری، ٢٠٠١، ل٩)، لە شوێنی چیا و دۆڵەکانی نزیک و کوێستانەکانی سەر سنوور دەمانەوە. لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانی جەمسەری پەوەندییەکان و گۆڕانی ژینگەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی ڕێگاو بان و پاوانکردنی زەویوزار، لە زۆر لایەنەوە ئەو کاریگەرییە وەک ئاڕاستەیەکی گشتی لاوازە و نەماوە. سەرەڕای ئەوەش بەشێک لەو دابەشبوونە چینایەتییە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە شێوازی ژیانکردنی گشتیدا نابینرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

یەکێک لە لایەنانەکانی دیکە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانی ئایینی لە کوردستادا، وایکردووە ئەدەبی فۆلکلۆری دەوڵەمەند بێت، ئەو جۆرە پێکەوە ژیانە لە ئەدەبی فۆلکلۆری ڕەنگبداتەوە، بەتایبەتی جوەکانی کوردستان لە ناو فرە خێڵی و ناوچەی جۆراوجۆری کوردستان و هاوپیشە لەگەڵ خەڵکی کوردستان پێکەوەژیان، وایان کردووە لە ئاستی هونەری و ئەدەبیاتی نووسراودا، ئەدەبیابی فۆلکلۆر لەو پەیوەندییە ڕەنگ بداتەوە، بەتایبەتی لە ئیدیەم و پەند و گۆرانی فۆلکلۆریدا زۆر دووپات دەبێتەوە. خەسڵەتی جوەکانی کوردستان و پیشەوە بیرکردنەوەیان لە ڕێی ئەدەبیاتی سەرزارییەوە دەرکەتووە، بە جۆرێک دەکرێت ئێستا بەهۆی ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە ژیانی ئەوان و پێکەوە ژیان لە کوردستان بناسرێتەوە، بەڵام ئەو ناوەرۆکەی کە پەیوەندی بە ژیانی جووەکانەوە هەیە، لە ئێستادا وەک دیوێکی مێژوویە، نەک ڕاستەوخۆ وابەستە بێت بە ژیانی واقیعی ئێستا بێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە مانای ئەوەنییە کەهەرچی وەک دیاردەی مێژووی بەرچاوبوو لەگەڵ ڕۆیشتنی دیاردەکە و تێپەڕینی قۆناغی مێژووی، ئیتر کەرەسەکان و ئەدەبیاتی فۆلکلۆرییەکەش ونبێت، بۆ نموونە دەڵێن (هەیی بە، کوڕی جی بە، جوو پێنج لیرە دەدات منداڵەکەی لە کۆڵانان نەخەوێت) (ڕەسوڵ، ٢٠١٦، ل١٧٧-١٨١)، بەپێچەوانەوە هەندێک لەو پەندانە لە ڕووی بەکارهێنانەوە پەیوەندییان بەو تێگەیشتنەوە هەیە، پێویستە کەم تا زۆر ئاگاداری ژیان داب و نەریتی جووەکان بێت، هاوکاتی ئەو نەشارەزایی بوونەش وا دەکات ئەو دەربڕینە سەرزارییە بواری بەکارهێنانی کەمتر بێتەوە، وەک لەهەندێک پەند و ئیدیۆمدا دەردەکەوێت (جی ئەگەر موحتاج بوو، دێ ل قەردێن کەڤن گەڕێت - پیاو ئەگەر مەجبوور بوو بە جوو دەڵێت بەڕدێنی موبارەکت - جوو کە ڕۆیشت، لە دووی مەچوو، فەلە کە غەزری وێی ڕامەچوو - لە ماڵی جووی نانی بخۆ، لە ماڵێ دیانی بمێنەوە)، کۆمەڵێک دەستەواژە چەمکی ئاینی تایبەت بەجووەکان هەن زیاتر ئەگەر واتایان بەرجەستەنەبێت لەهزری گوێگر و بەکارهێنانیاندا، ئەوا ناتوانرێت وەک چالاکی بەکارهێنان خۆ دووپات بکاتەوە، چونکە ((پەیوەستیی جووەکان بە داب و نەریتی ئاینی خۆیان، وەك (ڕۆژی شەممە، چلەشۆر، کەپرەشینە)، لە پەندی کوردیدا دەرکەتووە. وێڕای ناساندنی باوەڕی ئاینی جووەکان، بۆ هەڵوێستی جۆراوجۆری ژیانی خەڵکیش وەك ئاماژە بەکاردێن)) (هەمان سەرچاوە، ل١٨٢)، هەروەک دەڵێن (وەک جوولەکە شەمووی بۆ دەگرم، وەک جوولەکە چلەشۆرەی بۆ دەکەم... یان لە گۆرانی فۆلکلۆریدا هاتووە:

هاتن، هاتن دووبەدوو

کەڵەگەت و خاڵ لە ڕوو

لەبەر خەوفی خودا نەبی

وەك جوو بۆی ئەگرم شەموو (مەجید، ل٢٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەو بەکارهێنانانە لە ڕابردوودا چالاکتر و ناسراو بوو، بەتایبەتی تا نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو و چەند ساڵێک دوای ڕاگواستنی جووەکان بۆ ئیسرائیل، ناسین و خەسڵەتی ئەوان و بەکارهێنانیان لە ئەدەبی فۆلکلۆری ئاسایی بووە، بە پێچەوانەوە ئاساییە ئێستا بەهۆکاری ناوبراو ئەو بەکارهێنانانە کەم بێتەوە.

ماوەی نیو سەدەی ڕابروودا لە ناو جوگرافییایەکی دیاریکراوی گوندێک، جوگرافیای پێکهاتەی خێزانی هاوبەش و پێکبەستراو هەبوو. لە کارکرندا هەرەوەزی و هاوبەشیان هەبوو، هەروەها هاوبەشی زەوی و زار و خزمایەتی و پێکەو ژیان وهاموشۆ و بەشداری ڕێوڕەسمە نەریتەکانی یەکتریان دەکرد، ئەمەش کاریگەریی لەسەر کەمبوونی جیاوازییەکان و ئاڕاستەی هزرینی هاوبەش و کلتووری هاوبەش هەبووە. لە هەردوو باری ئەرێنی و نەرێنیدا، یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی پەیوەندی توندوتۆڵی نێوانیان دەبووە زادەی خەیاڵ، بەچەندین شێوە ژیانی ئەوان ئەدەبیاتی لێیەوە بەرهەم دەهات. ((مرۆڤ نکارە فۆلکلۆرێ وەک چەند بەرهەمێن هونەری بحەسبینە فۆلکلۆر سەربۆریا جفاتەکێ یا دیرۆکی، جفاکی و هونەری و پێشکەوتنا وێ زمانێ جفاتێ نیشا ددە، هەموو ئەڤ یەکان دناڤ فۆلکلۆرێ دە هاتنە هۆناندن، رستن، د دواییێ دە دەڤینەکا چاندنی پێک ئانینە، بوونە چافکانییێن پۆتانسییەک)) (ڕۆهات، ٢٠٠٦، ل١) ئێستا ئەو ڕووداو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە بوونە بە نستالژیای تاک و کۆمەڵگا، بەتایبەتی لە کۆچکردن بۆ شارەکان و گۆڕانکاری لە ژیانی گوند و پەیوەندییەکانیان، ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە بەردەوام لە ناچالاکی و پاشەکشە دایە. بەهۆی بەکارنەهێنان، ئاستی بەکارهێنانی کەمبۆتەوە و پێ دەچێت ئەوەی کە ماویشە لە بیست ساڵی داهاتوو وەک بوونەوەرێکی زیندوو، ئەگەر یاداشت نەکرێت لە ناو بچێت. چونکە یاداشتکردن و دەستاودەستکردن لەناو ئەدەبیاتدا گرنگە. دەکرێت لە داهاتوودا هەماهەنگ لەگەڵ تەکنەلۆژیا و شێوازەکانی دیکەی داهێنان بکرێنە مۆدێک بۆ گوزارشتکردن لە کلتووری نەتەوەیەک.

**- جیهانبینی ئەدەبیاتی زارەکیی بۆ ئەدەبی نووسراو:**

ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بەشێک بووە لە کلتووری ڕۆژانەی ژیانی خەڵکی شار و گوندەکان. بۆیە مانەوە و زیندویەتیشی بەردەوام بووە. تا هاتنی ڕادیۆ، گوێگرتن لە کۆڕ و مەجلسیی ئەدەبی فۆلکلۆری لە شارەکانیشدا هەبووە، بەڵام دواتر ووردە وردە گوندەکانیشی گرتەوە (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٩، ل١٦) تا پەنجایەکانیش لە سلێمانی شەوانە لە قاوەخانەکانی شاری سلێمانی حیکایەتخوان لە ڕێوڕەسمی میللی تایبەتدا حیکایەت بۆ ئامادەبووان خوێندراوەتەوە، وەک زنجیرەی تەلەفزیۆنی لە شوێنی هەستیار و پەرۆشبوونی ڕووداو بۆ شەوی داهاتوو دەستیان لێ هەڵدەگرت (حەسەن، ٢٠١٠، ل٢٢-٢٣) پەیدابوونی گرامافۆن لە قاوەخانی شار و دیوەخانی ئاغا جێی بە خۆشخوانان لەق کرد، بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دواتــر گۆشــەی مــزگەوت و زەماوەنــد و شــایی دێهاتییــان بەدەســتەوەما، یــان کەســابەتی دیکەیان گرتە دەست. (ئۆسکارمان،٢٠١١، ل١٢)، کەواتە شایەری و حیکایەتخوانی پیشە بــووە. ئێســتا نەهەلــومەرجی کــات و نەهەلــومەرجی شــوێن و نەحەوســڵەی جــاران نەمــاوە، خەڵکی سەرقاڵی و شوێنگرەوەی چێژی دیکەی یارییە ئەلیکترۆنییەکان و ماس میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانن، ئیتر ئاسان نییە گەلەکۆمەکییەکی دیکە ببێتە زادەی بیر و زمــان، بەڵکــوو ئەو تــۆزە زینــدوییەتییە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پاشەکشە دایە. تەلەفزیــۆن نمــوونەی شــوێنگرەوەی حیکــایەتخوان و کــۆڕی خــانەخوێیە، ((ســەتەلایت کرانەوەیەکــی زۆری بــۆ ئــێمە هێنــا، لە دوای هــاتنی ســەتەلایتەوە پەیوەنــدییەکانی نــاو مــاڵی گــۆڕی، پەیوەنــدییە گەرمەکان گۆڕان بۆ پەیوەندی سارد، پەیوەندی ڕاستەوخۆ بوون بە پەیوەندی ناو میدیا)) (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٦٦).

ئێستا پرسی ئەدەبی فۆلکلۆری وەک نستالژیاییەک زیاتر ماوەتە، نەک وەک بەها و زیندوویەتی و بەردەوامی هەبێت. لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی ئێستادا کەمدووی لە نـاو خێزان و ژووری تەنهـا و کـاتی تەنهـا و یـاری تەنهـا، بـازنەی ژیـانی ڕۆژانەیە، بـۆیە ئەوەی پێشترهەبووە بەشێکە لە یادەوەرییان، ئەوەی کە ماویشە تەنها بەهۆی ئەو بیرەوەرییـانەوەیە، ئێســـتای خۆیـــان بەو ڕۆژانە جـــۆش دەدەن، ئەگەر چاوێـــک بەو پێشـــەکی نووســـەرانی کۆکەرەوەی ئەدەبیـاتی فۆلکلـۆردا بخشـێنین وەک هەوڵـی تاکەکەسـی ورد، هەسـت بەو بەرپرسیارییەتییە دەکەین، خەمخۆرانی ئەو بوارە بەهۆی پەیوەندییان بە ژیانی ڕابردوو دنەی ئەو کـارەیـان دەدات: (( لەبیـرا مـنە دەمـێ ئەم زارۆک، هنـدەک جـاران ل جێهەکـێ و پشـتی یاریکرنـا درێـژ، یـان د شـەڤبرێن زڤسـتانانـدە، ل دۆر ئـاگری یـان هاڤینـان پشـتی شـیڤێ ل سـەربانێ مـالەکێ، ئەم چەنـد هەڤـالەک لێـک خردبـوون و هەر ئێـک ژمە ب دور، دەستەواژەیەکا لێک ئینایییا ژ بەرکری وەک پسیار ڕابەری کۆما هەڤالان دکر، و ل هێڤیيا هندێ دما، کا کێ د ب سەر وێ مەرەم مەخسەدا دناڤرا ڤەشارتی هلبت))( شاهین، ٢٠١١، ل٧). ئەوەی ئێستا تۆمار نەکراوە بە نەبوو هەژمار دەکرێت، چونکە لەسەردەمەدا ئەو نەوەیە بە هۆکـاری گۆڕانکارییەکـان و سـەردەمی جیاواز ئەو نەوەیە، تـوانی گواسـتنەوەی ئەو ئەدەبیـاتە سـەرزارییەی نییە. بـۆیە ئەو قۆنـاغەی ئێسـتامان زۆر هەسـتیارە، دوا دەرفـتە لەو بیست سی ساڵەی داهاتوودا بتوانرێت ئەوەی ماوە تۆمار بکرێت، چونکە کورد زیاتر پشت بە گێـڕانەوە و وتـن دەبەسـتێت. ناتوانێـت بـێ نووسـینەوە و جـارێکی دیـکە لەشـێوەی بەرهەمهێنانەوەی هونەری بیناسێنێتەوە.

ئەگەر هۆکارێکی سەرەکی تا ئێستاش بەردەوامی داوەبە مانـاوەی زارەکییەکە، زیـاتر جیهـانبینی زارەکییەتـی ڕووبەرێکـی فراوانـی ژیـانی کـوردی گرتـووە، بەپـێچەوانەی ئەوەوە کورد لە قۆناغە جیاوازەکان کەمتر سوودی لە سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای نووسین



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەرگرتـووە، لە گەشـەکردنی زمـان و چانـد و شوناسـیدا لەپاڵ هۆکارەکـانی دیـکەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئایینی و فەرهەنگی و جوگرافی ئەو دەرەفەت قۆستنەوەی کەمتر بـووە، کە لەبەرامـبەردا جیهـانبینی نووسـەریەتی خـاوەن تایبەتمەنـد گەلێکـی جیـاوازە ئامادەییەکی لاوازە (سەجادی، ٢٠١٠، ل٥)، کەوایە ئەگەر جیهانبینییەکی زارەکی پێشتر ئامادەبووبێـت، ئەوا لە ئێسـتادا ئەوەشـیان نائامـادەیە، بـۆیە بە هەردوو بـاردا ئائامـادەیی جیهانبینی نووسراو و زارەکیش پێکەوە ئەو بەها کلتوورییە لەدەست دەدەن.

لە شـاکار و بەرهەمـی ئەدەبیی جیهانیدا بەپشت بەسـتن بە چەشـنەکانی ئەدەبـی فۆلکلـۆری و چەشـنی ئەفسـانە وایکـردووە ئاسـتی داهێنـان بەرز ببێـتەوە. شـاکارە ئەدەبییەکـانی جیهـان سـوودیان لە هـی خۆیـان و خەڵکـی دیـکەش وەرگرتـووە، بە بەهـاو بـایەخەوە دەڕوانـنە ئەو میـراتە نەتەوەیـیە گـرنگە. ڕۆشـنبیرانی کـورد هەر لە زووەوە وەک خانی و حاجی قادر دەرکیان بەو بەهـا و گەوهەرە کـردووە، بۆیە وەک بەشێک لە میراتی کلتـووری و نەتەوەییـان هەژمـار کـردووە، لە پـاڵ ئەو دەرکپێکردنەشـدا، ڕێـڕەوی ئەو بەردەوامییەی ڕۆشنبیری کوردی وەک ئاستی داهێنانی ئەدەبی لەپشت بەستن بەزینـدوویـیەی ئەدەبیـاتی فۆلکلـۆر ئاسـتێکی لاوازە (حەسـەن، ٢٠٠٦، ل٩-١٢) ئەو زینـدوویەتییەی کە نەتوانرا بنوسرێتەوە و یان نەهێتە نووسین و دەقاوێزانی شاکاری ئەدەبی نەبێت، ئەمە بەرهەم و بەهایەکی لەدەستچووە.

تۆمـارکردن زۆر گـرنگە لە وتـنەوە، ببێـتەوە بە نووسـین، چـونکە هەنـدێک لەو ئەفسانانەی وێڕای ئەوەی لەگەڵ زانست تەبان دێنەوە، ئێستا لە پەیوەندییەکانی ئەفسانە و زانسـتدا تـاوتوێ دەکرێـت، لە دیـوێکی دیکەشـدا هەنـدێک لەو ئەفسـانانەی کە بـاس دەکرێن حەقیقەتـی مێـژووی و سـەرداوای زانسـتی بەدەسـتەوە دەدەن، سـوودی هەمەلایەنەیـان دەبێت، وەک ڕووداوەکـانی هەنـدێک لە ئەفسـانەکانی ئۆسـکارمان کـۆی کـردۆتەوە و لە تـوحفەی مـوزەفەرییەدا بـڵاوی کـردۆتەوە، لەگەڵ ڕووداوە مێژوویـی و شـوێنەوارییەکانی بەردەقارەمـانی سلێمانی و دەربەنـد ڕانییە و ئەفسـانەی جۆڵەنـدی لە باسـی فەرمـانڕەوایەکـی کۆنی قەڵای جۆڵەندی ئاغ جەلەر یەکدەگرنەوە (یوسـف، ١٩٨٥، ل٥٢-٥٥) کـۆنی مـرۆڤ لە کوردسـتان و ژیـان جۆراوجـۆری جوگرافیـای کوردسـتان و ژینـگە و کێشـە و تێکەڵـی و فرەخێڵـی و هاوسـێیەتی و پێکەوەژیـان لەگەڵ میللەتـانی دیـکەدا ئەدەبیـاتی فۆلکلۆریـان دەوڵەمەنـد کـردووە. لەگەڵ ئەو تایبەمەنـدییە زۆرە و دەوڵەمەندییەشـدا سـەرنجی بەشـێک لە خوێنـدەوار و تـوێژەری کـورد لە پەیوەنـدییەکانی ئەفسـانە و گێـڕانەوەدا بەشـی پروپـوچ و خـورافە سـەیری ئەفسـانە دەکەن، وەک پێویسـت ئەوەی لە نەتەوەکـانی دیـکەدا هەیە، لە ئەدەبیات وتوێژینەوەی کوری ڕەنگی نەداوەتەوە (حەسەن، ٢٠٠٦، ل ٩-١٢).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**- گۆڕانی فەرهەنگی کەرەسەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری**

لە ئەدەبیاتی سەرزاریدا فەرهەنگی زمان تایبەتە، وشەنامەی جۆراوجۆر لە ناو ئەو فەرهەنگەدا هەیە، بەتایبەتی چەشنی پەندپێشینان، زیاتر سروشتێکی ڕوودا و یان ئامۆژگاری هەیە، بەندە بە ژینگە و سەردەمێکی دیاریکراوەوە پەیوەستن، تەنانەت ناسنامەی هەندێک لەو پەندانەش دیاریکراوە و دەگەڕێنەوە سەردەمێکی دیاریکراو. بەدیوێکی دیکەشدا کەرەسەکانی ناو پەندەکانیش هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەن کە لەو ژینگەیدا هەن، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هەردوو دیوی ماددی و نامادی گۆڕان دروست دەکات. دەکرێت ئەو پەندانەی، کە مێژوویان دیاریکراو نییە، لە هەمانکاتیشدا کەرەسەکانیشیان لە ئێستادا نامۆن و بەکارنایێن، وەک کەرەسە ماددییەکان بەرچاونین. دەبێتە مایەی نامۆیی لە بەکارهێناندا بەتایبەتی کاتێک ئەو فەهەنگە بۆ گوێگر ئاشنا نەبێت، لەوانەیە ببێتە پرسیار بۆ واتای پەندەکە، ئەمەش پێکهاتەی پەندەکە وا دەکات ئاستی بەکارهێنانی لاوازبێت، بەهۆی گۆڕانی زمانەکە پاشەکشە دەکات. یەکێک لەو کەرەسانەی کە تێئاخنینن، زۆر دوپات دەبنەوە وەکوو جۆڕک و تورکە و جەوار و کوندە و شەربە و دیزە و و ئاخوڕ.... هتد. ((لەگەڵ هاتنەکایەی شێوازی نوێی ناوماڵ و پێداویستییەکانی وەکو تاقمی میوان و نان خواردن و ئامێرە میکانییکییەکانی ناوماڵ و تەلەفیزیۆن و پێداویستیە تەکنەلۆژیەکانی دیکە، شێوازی ژیانی تاکی کورد گۆڕانێکی کاریگەر و بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. بۆ نمونە، لە دانیشتن لەسەر زەوی و دۆشەك و پاڵدانەوە لەسەر سەرین و پشتی، گۆڕاوە بۆ دانیشتن لەسەر قەنەفە، لەناو خودی مۆدێلەکەشدا مۆدێلی قەنەفەی کلاسیکی بەسەرچووە و مۆدێلی نوێی قەنەفەی تورکی و فەرەنسی و تەپلەکی هێلکەیی و شێوازی نوێی دیزاین لە نوێترتین شێوەیدا بەرچاودەکەون و بەکاردێن)). (ڕەشید، ٢٠١٦، ل٦٥) بەهۆی گۆڕانی کەرەسە و شێوازی ژیانەوە، ئەو کەرەسە و ئامراز و پێویستییانە وەک وشەی فەرهەنگی ناچالاک و بۆ گوێگر نامۆیە، یەکێک لە کەرەسانەی کە لەم پەندەدا هاتوو:

ئەوەی لەمشکبێ جەواڵ ئەدڕێ (خاڵ، ٢٠٠٠، ل٦٢).

بەهۆی ئەوەی جەوڵ لە ئێستادا نە کەرەسەیە نە دەبینرێت، بۆیە ئەو وشەیە نامۆیە و بەکارهێنانیش وردە وردە پاشەکشە دەکات. کاتێک ئەگەر کەسێک ئەم پەندە ببیستێ و کەرەسەکە لای ئەو نامۆ بێ، دەپرسێ و دەڵێ: جەواڵ واتای چییە؟ بۆیە بەدیوێک ئاستی بەکارهێنانی نامۆ دەبێت وردە وردە نامۆیی کەرەسەکان بە پێی کات زیاتر دەبێت، چەند هەڵوێستی بەکارهێنان زانراو بێت، و کەرەسەکانیان نامۆ نەبێت و چیرۆکەکەیان ڕوون بێت، چالاکیی دەستەواژە زمانییەکە زیاتر دەستاو دەست دەکات. ((فێربوونی کلتوور لە ڕێگای مرۆڤەکانی ترەوە دەبێت، فێرکردنیشی بەهۆی پەیوەندییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەرامبەرەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا شێوە دەگرێتەوە. کلتوور بە ڕێگای بۆماوەییەوە ناگوازرێتەوە، بەڵکوو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و لە دروستبوونیدا چەند هۆکاری وەکوو زانیاری و زانستییانەی ناو کۆمەڵگادا هەن، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکارەکانی پێگەیشتنی دەستەجەمعی دەور دەبینن)) (موحسنی،٢٠٠١، ل١٠٤) بۆ نموونە ئەو ئیدیەم پەندانەی کەلەگەڵ دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هارمۆنی هەیە، وەکوو (ئەوەی حەق بڵێ، کڵاوی دەپەڕی) ئەو ڕووداوە چیرۆکیشی هەیە، بەڵام بەهۆی دۆخی نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و سیاسی بەردەوامی بەخۆی دەدات. ئەگەر خەڵکی چیرۆکەکەشی نەزانن، بەهۆی پەیوەندی توندوتۆڵی بە ڕووداوەکان، بەردەوامی بە خۆی دەدات. لەباری تردا لە دەرەوەی زمان، سیاقی دەرەوەی زمان ڕۆڵ دەبینن. ((بێگومان دەق لەسەر زانینی لایەنی کۆمەڵایەتی و توخمە سەرەکییەکانی وەک: دەنگ و مۆرفیم و وشە یاسا ڕێزمانییەکان کە فۆڕم و پێکهاتەی زمانی پێکدێنن، بنیاتنراوە، بەڵام ئەمانە بەتەنیا پەیامی دەق دیاری ناکەن، بەڵکوو پەیوەندی نێوان بەشەکانی دەق و هۆکارە نازمانییەکانی وەک: کات و شوێن و کلتوور... تاد ڕۆڵی سەرەکی لە گەیاندنی پەیامی دەق دەبینن)) (حەسەن و ڕەسول، ٢٠١٦، ل٣٤).

بەشێک لەو زانیارییانەی کە دەگوازێتەوە بەهۆی ژینگەی تایبەت و ئەزموونی ئەوانی پێشترە. وەک زانیاریی سروشت و گژو گیا و باڵندە و خەسڵەتی ژینگە....هتد دەستاودەستی دەکرد بەشێکی ئەو زانیارییانە لە ڕێی گفتوگۆوە بوون، بەڵام زانیارییەکان ئەگەر چالاک نەبوون، ئەو بابەتە نامۆدەبێت وەکو دەڵێن:

کوندێرە بەشەو ماندی، بەڕۆژ شێرە (دەشتەکی، ل١٠٨)

زستان سەپانە، هاوین تێلە کێش ( دەشتەکی، ل٢٣)

ئاش بە چەقەنە و مەسۆیی بە چەنە (خاڵ، ٢٠٠٠، ل١٧)

**- خاسیەتی گوێزانەوە لە بنیادی گێڕانەوەدا:**

یەکێک لە خاسییەتەکانی فۆلکلۆری ئەدەبی گێڕانەوەیە، گێڕانەوە بەهەردوو باری هەلومەرجی دەرەوەی تێکست و گێڕانەوەی ناوەی تێکست، گێڕانەوەی دەرەوە واتە هەلومەرجی گوێگر و قسەکەر هەماهەنگن لەگەڵ ڕووداو و دەربڕینی کەرەسە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکە. مەتەڵ و پەند وەک تەرزێکی ئەدەبی فۆلکلۆری توخمی گێڕانەوەیان تێدا زاڵ نییە، بەڵام فەزای دەورووبەر و کۆنتێکستەکەی فەزای گێڕانەوەییە، واتە ئامادەبووان و گوێگران دەبنە فەزای گێڕانەوەوە، لە دەرەوەی تێکستەوە دەچێتەوە ناو تێکست، بۆ نموونە وتنی پەند و مەتەڵهەڵێنان گوێگر و بەشداربووان بە خاسیەتی گێڕانەوە و گفتوگۆ بەشداریی بڕیار و هەڵێنانی پەند و مەتەڵەکە دەکەن. تەنانەت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زۆرجار جێناوەکانی کەسی گوێگر و ئامادەبووانیش بەشار دەبن (شتێکە هی خۆتە خەڵک بەکاری دەهێنێ - سەوزە لە بازاڕ سوورە بۆ دایکت - باوکی کوڕی مامت چ کوڕی باوکتە) یان بەجێناوی نادیار باسی دەکات، خۆی قسەکەرە و گوێگریش دەدوێنێت. یان لە پەندا هاتووە: (چی بچێنی ئەو دەدوریتەوە،) دەکرێت پەندی (دەستێک کە نەتوانم بیبڕم ماچی دەکەم) دەکرێ بەجێنای کەسی دووەم و کەسی سێیەمیش بوترێ، کە لەگەڵ هەڵوێست و ڕووداو بگۆڕێت، بۆیە ئەو بارەی کە گێڕانەوە تێیدا ڕوودەدات، ئەو دانیشتن و پەیوەندیی ڕووداو و هەڵوێستەکان وادەکەن گێڕانەوە لە ئەدەبی فۆلکلۆریدا ئامادەیی هەبێت، وەکوو حیکایەت و پەند و گۆرانی و بەیت و داستان... بەدیوێکی دیکەش هەموو چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری تایبەتمەندی گێڕانەوەیان تێدا هەیە، چونکە چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەگشتی لە ڕوودا و پەند وەرگیراون، توخمی گێڕانە لە زمان و کەرەسەکانیدا ئامادەییان هەیە.

ئەو گێڕانەوەی کە لە هەردوو دیوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ناوەی تێکستە فۆلکلۆرییەکان و توخمە پێکهێنەرەکانی دەرەوەی تێکست ئامادەییان هەیە، لە هاو پەیوەندی دروستبوونی ڕووداوەکانی سەردەمی ئێستا ئەو ئەدەبیاتە سەرزارییە وەک جاران دروست نابێت، چونکە نەفەزای دەرەوەی تێکست و نەفەزای ناوەی تێکست لەم سەردەمەدا ئامادەییەکی ئەوتۆی نییە. بەهۆی ئەو هۆکارانەی کە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەون، چالاکییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەو زیندوویەتییەی نامێنێت، چونکە کۆنتێکستی ئەدەبی فۆلکلۆری هەبوونی دانیشتن و پەیوەندییە گەرمەکانە، لایەکی دیکەشەوە هۆکاری بوونە ئەدەبی فۆلکلۆری لێکەوتی ڕووداوەکان و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کلتووری ڕۆڵی لە دایکبوونی ئەدەبیاتی سەرزارییان هەیە. ئەوەی لە ئێستادا دەگوزەرێت، پێچەوانەی ژیان و بەسەربردنی کاتەکانی ڕابردوون. ژیانی دیجتاڵی و سەرقاڵی پچڕانی پەیوەندییەکان وایان کردووە، جگە لە هەندێ زاراوەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و ئیدیۆم چەشنێکی ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بەو جۆرەی ژیانی ڕابردووی کوردەواری، نە لەدایک دەبێت و نە زیندوو و چالاکیش هەبێت. یەکێک لەو پەندانەی کە چیرۆک و ڕووداوی هەیە و کەسی گێڕەوە ئەگەر ڕووداوەکەی نەزانێت ناتوانێ بیگێڕێتەوە، بۆیە ئەو پەندە پێویستی بە گێڕانەوە هەیە، تا زیندوویەتی خۆ بمێنێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی ئەو خوشک و برایەک تەڕدەبن و لە کاتی خۆوشککردنەوە، کچەکە لە بەرخۆی دەڵێ (نە ئاگر و نە دوو هیچی نابێ بەشوو)، هاوکاتی ئەوە، براکەی تورە دەبێت. کچەکە بە برایەکەی دەڵێ (من دەمتوانی دەرپێکەم وشکبکەمەوە، ئەگەر لای مێردم بام، شەرمم نەدەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا بە براکەی دەڵێ (خۆشە ئاگر خۆشە دوو، برا خاسە نەوەک شوو)(خاڵ،٢٠٠٠، ل٤٠٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

- **دیاردەی گۆڕانی بەها کۆمەڵایەتی و پاشەکشەی تێگەیشتنە کلتوورییەکان:**

ئەوەی لە ئەدەبیاتی سەرزاریدا دەگوزرێت بەشێکە لەو شێوەبیرکردنەوە و میراتی نەستی کۆ (لاشعور جەمعی)یەی لە ڕابردوودا بەرامبەر دیاردەکان و بەهاکان لە ئارادابوون، واقیعی ژیانی خەڵکەکە دەخەنەڕوو، بۆیە ناکرێت ئەو تێگەیشتنانە چەق بەستوو بن و گۆڕانیان بەسەر دانەیێت، بۆ نموو یەکێک لەو کایانەی گۆڕانی بەسەر داهاتووە، پێگە و بەهای ئافرەتە لە کۆمەڵگادا، بە تایبەتی بزوتنەوەی ژنان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کردەی بەجیهانی بوون ڕۆڵی سەرەکییان هەیە لە مامەڵەکردن لە تێگەیشتن و پرسی ئافرەت هەیە، بەتایبەتی ئێستا لە بەرامبەر ئەو شەپۆڵە بەربڵاوەی ڕاگەیاندن و کاری ڕێخراوەیی دامەزراوەی سیاسیی کارگێڕی و مەعریفییەکان، ناتوانن بەشێک لەو تێگەیشتنە کلتوورییە پەسەند بکەن کە بە دیوێکی نەرێنی لە پایەی ئافرەتیان ڕوانیوە. دیوێکی دیکەی وەلانانی کلتوور برتییە لە مۆد و تێگەیشتنە جیاوازە، ئەو تێگەیشتنەش ئاوەژوو دەکاتەوە، کە ڕوانینێکی سلبی بۆ ئافرەت باس بکرێت. بەواتایەکی تر یەکێک لەو لایەنە ئەرێنییانەی سیتەمی جیهانی و بەجهانیبوو پرسی ئافرەتە بەتایبەتی وەک ماف و ئەرکیان کەم تا زۆر گۆڕانکاریی ڕوویداوە، بۆیە لە کردەی کاتدا ڕێزی ئافرەت بوو بە پرسێک بەشێک لەو بەرهەمە کلتوورییەی یان ئەدەبییە سەرزارییەش گۆڕانی بەسەرداهات کە چیتر وەکوو تێگەیشتنی دوێنێ ناگوازرێتەوە و بەکارهێنانیش بەنەگی هەژمار دەکرێت. بەکەم سەیرکردنی ئافرەت لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆردا هەیە، وەکوو حیکایەت و پەند ئەفسانە و ئافرەت وەکو جادوکەر و فێڵباز هەیە. ((پەندەکان دوو جەمسەرن جەمسەرێکیان ئەرێنیەی و لە بەرژەوەندی ژندا وتراون و ئەرک و کار و ڕەوشتیان و هەڵسوکەوتی ژنیان بەرز نخراندووە و جیاوازییان لەگەڵ پیاودا پێ نەکردووە و وەکو مرۆڤێکی بە توانا ستایشیان کردووە، جەمسەرەکەی تر وەکو دروستکراوی نامۆ و سەیر مامەڵەیان لەگەڵ ژندا کردووە و پەراوێزیان کردوون، وەک ئەوەی تەنیا سەرچاوەیەک بن بۆ خۆشی و ڕابواردن، کەسایەتییەکی لاوەکیان لە ژیاندا هەبێت، بەڵام جەمسەرە ئەرێنیەکە فراوانترە لە نەرێیەکە)) (سابیر، ٢٠١٠، ل٥٧)، بۆ نموونە لەو چەند پەندەی خوارەوەدا دیوە نەرێنییەکەی کەسایەتی ژن باسی لێوە کراوە:

ژن عەقڵی لە کۆشە هەستا لێی دەکوی

دارێک لەسر سەگ یەکیان لەسەر ئافرەت

ژنی جوان بزنە خوا

بەختی تیژە نۆبەرەی کیژە (جەمال، ٢٠٠٨، ل٣٤).

جاران بە هۆی ژیانی تایبەتی خەڵک، نێرینە لە کلتووری کوردیدا بۆ کارکردن و میراتگری و خاوەن پلە پایەی خێڵ و هەڵگری ناوی باوان بە ئەرزش بوو. هەمیشە وەک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نزاخواستن چەند دەستەواژەیەکیان بەکاردەهێنان وەکوو (بەداکی کوڕان بی، بەختیی هەیە و بەس کوڕان دینی، نۆبەری کوڕە...)، بەڵام ئێستا بەهۆی گۆڕانکاری زۆر شت پێچەوانەیە، (وەک یەک کچ هەزار کوڕدێنی، خۆزییە بەس کچم هەبان، سەد کوڕ بە قورانی کچەکی بی، کیژ لۆمارە باوا باشترن...).

**- پاشەکشەی بەکارهێنان بەهۆی تابۆە:**

لە ڕابردوودا هەندێک لە وشە و پەند و جوێن بەهۆی کرانەوە و بەرفروانبوونی بازنەی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژینگەیی و دڵسافی خەڵکەکە بووە، زۆر جار کەرەسەی وەک مەتەڵ و پەند و قسەی نەستەق جۆراوجۆر و دوور لە سانسۆر و ئەتەکێت، قافی قسە قسەکردنی هەبووبا، ئەو وشە تابۆیانە بۆ هەڵوێستی قسەکردن بەتایبەتی لە چوارچێوەی پەند قسەی نەستەق و مەتەڵ و گۆرانی دەوتران.دەوتران، بۆیە بەشێک لەو ئەتەکێتە تایبەتانەی ئێستا هەن، لە شوێنی فەرمی و نافەرمی خۆیان لەو دەربڕین و ئەدەبیاتە بەدوور دەرگرن. بەهۆی مۆدە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەموو قسەیەک ناکرێت، یان بۆ چوونە ژێرباری کەسانی ڕۆشنبیر و ئەوانەی کە خودان ئەتەکێتن، وەک بەشێک لەو شەپۆڵە لاسایکردنەوە یان گۆڕانی ئاستی هۆشیاری خەڵک، بۆ ڕووێکی مەدەنی، وایکردووە کەرەسە و چەشنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری هەموویان ڕووی مەجلیان نەبێت و شیاوی گوتن نەبن وەکوو:

ئاش بمیزێ، لە حیزی ئاشەوانییە (خاڵ، ٢٠٠٠، ل١٧)

نامگۆڕێتەوە بە ئێستر، نایگۆڕمەوە بەکەر (خاڵ،٢٠٠٠، ل٦٢)

کەر بە جۆ بمری، شەهیدە (خاڵ،٢٠٠٠، ل٣٠٠)

کەرە کۆڵ تری، نانی خۆی بڕی (خاڵ،٢٠٠٠، ل٣٠٤).

زۆر جار لە چوارچێوەی گاڵتەجاڕی و قسەی نەستەقدا یان پرسیاری مەتەڵەکان، لە ناوبردنی کەرەسەکاندا بەدەربڕینێکی ئیرۆتیکیانە دەردەبڕدران، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕاستەخۆ نەدەوتران، ئێستا هەروەک باسمانکرد بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئەتکێتی جۆراوجۆر و مۆدە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەبڕینە سەرزارییە ئەدەبیانە پاشەکشە دەکەن. وەك لەم چەند مەتەڵەدا دەردەکەوێت، ئاماژە بەدەستاڕ دەکات دەبیەستێتەوە بە بارێکی سێکسی:

تەپ لەسەر تەپی، دەستت لە ڕەپی - چوومە دەشتێ ژێر، مێم دیت لەسەر نێری (ئەبوبەکر، ٢٠٠٥، ل٩٣١)

پانکێ لەسەر پانکێ، دەستت بە لکێ - سندریکا ل سەر سندریکێ، کلیل ل دەستێ بیکێ- چوومە ئۆدا ژێری، من دیت ژنا سەر مێری (ئاکرەیی، ٢٠١١، ل١٠٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**نەنگی و پاشەکشەی بەکارهێنان:**

دیاردەی نەنگی بەشێکە لەو گۆڕانە کلتوورییەی زیانێکی گەورەی لە بەکارهێنان و لە ناوچوونی ئەدەبی فۆلکلۆری داوە، بەجۆرێک ڕیشەی ئەو گۆڕانکارییە هەر لە زووە هەستی پێ دەکرێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت. ئەگەر چاوێک بە بەشێک لەو پێشەکی و پێشباسە کتێب ونووسراوی تایبەت بە ئەدەبیاتی سەرزاری سی چل ساڵی ڕابردوودا بگێڕین، زۆر بە ڕوونی لەو ساڵانەدا زیاتر درک بە هەوڵی کۆکردنەوە و نووسینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کراوە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە خێراییانەی کە ڕوویانداوە، دەرکپێکردنەکە زیاترە، لەگەڵ ئەوەشدا نیگەرانی دەرکپێکردنەکەش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی ڕوودەدەن مەترسی و پاشکشەی ئەدەبیات سەرزاری زیاتر کردووە. بۆ نموونە لە یەکێک لە پێشەکی کتێبە کۆکراوەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە جیهانگەرایی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ڕوویانداوە نووسەر دەڵێ: ((لە کۆتاییدا ئەڵێم: ئەی خوێنەری بەڕێزی دڵفراوان، بزەی گاڵتەپێکردن نەتگرێ و مەڵێ " چۆن لە سەدەی چوونە ئەستێرەکاندا تازە باسی دێو و درنجمان بۆ ئەگێڕێتەوە..." چونکە لەوە دڵنیام لە ناو گەلاندا نەبوایە ئێستا نەئەتوانرا نهێنی ئاسمان و گەردوون ئاشکرا بکرێت...هەر ئەو چیرۆکانەشن کە مردنیان بۆ نییە و لە هەموو بەرهەمێکی تر پتر بەرگەی کۆسپی ئەم گەردوونە نەگرن! )) (تەقی، ٢٠٠٦، ل٨)ئەو هۆشیارییەی کە لای کەسانی تویژەر و پەرۆشن بە کۆکردنەوە و پاراستنی ئەدەبی فۆلکلۆری زووتر دەرک بەو کاریگەریی هۆشیارییە کراوە، کە لە بەرامبەر شەپۆلێکی گۆڕانکاری، مەترسییەکان خێراتردەبن، بۆیە ئەوەی ئێستا بەرچاوە هەستی پێ دەکرێت، لەناو هیچ یەکێک لەو کایە و بەرنامەی کاری حکوومەت و بەرنامەی مێدیایی، بەها و بایەخێکی ئەوتۆ بەو ئەدەبیات و کلتووره نادرێت، تا ببێتە مۆدێک، یان بەلایەنی کەم بەکارهێنانی وەک شوناس و مۆرکێکی نەتەوەیی هەژماربکرێت. لە ئێستادا توێژنەوەی ئەکادیمی لە ناوەندە ئەکادمییەکان ئاڕاستەی قوتابییان بۆ ئەو بابەتانەی ئەدەبی فۆلکلۆری زۆر دەگمەنە، لە کاتێکدا دەیان تیۆر و خوێندنەوەی ڕەخنەیی جۆراوجۆر لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆری هەیە، سەرەداوی لەگەڵ دەیان بابەتی زانستی دیکەدا هەیە و دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت.

**ئەنجام:**

- جیهانگەرایی و پرۆسەی بەجیهانی بوون کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گۆڕانکاریی کلتووری هەیە، ئەو کلتووره هاوبەشەی کە بەهۆی جهانگەرایی ڕوودەدات سیمای کلتووری گەلان کاڵ دەکات، ئەدەبیاتی فۆلکلۆریی کوردیش لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

چوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی هەن، پاشەکشەی کردووە و کزبووە.

- کۆمەڵگای کوردی لە کزبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هۆکارەکانی بەسەربردنی کات لەگەڵ تەلەفزیۆن و ئەنتەنێت و کاریگەرییان لە کزبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری هەیە، بەتایبەتی نەوەی ئێستا بەهۆی ئەو کات و سەردەم لە ناو پرۆسەی گۆڕانکارییە ئێستاییەکاندا دەژیت و هیچ پەیوەندییانەکی ئەوتۆ نابەستێتەوە بە بەکارهێنان و مانەوەی لە ناو کلتووری باوانیدا.
- هۆکاری نەگی بەکارهێنان و بێ بەهاکردن و نەنرخاندنی بەهای ئەدەبی فۆلکلۆری، هەروەها گۆڕانکارییە هزرییەکانی وەکوو پرسی ژن، ژیانکردن و پەروەردەی مۆدێرن وایان کردووە ئەو هزراندنەی ناو ئەدەبیاتی سەرزاری بە زیندووی و کارپێکراوی وەک جاران نەمێنێتەوە.
- نەمان و نا بەرچاوی کەرەسەکانی ناو ئەدەبی فۆلکلۆری وەک کەرەسەی مادییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکان، گۆڕانیان بە کەرەسەی مۆدێرن، هۆکارن بۆ کەمتر چالاکبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری.
- لە کزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەبەستنەوەی ڕووداوە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نەگێڕانەیان و دەستاودەست نەکردنیان، ئیتر بوار بۆ دروستبوونی ئەدەبی فۆلکلۆری نارەخسێت، چونکە ئەو کۆنتێکستە کۆمەڵایەتییەکان کزە و ڕووداوەکان پەندەکانی ژیان و هزراندن ناتوانێت لە ئەدەبی فۆلکلۆری دەربکەون.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێبە کوردییەکان


- ئەبوبەکر، سەدرەددین نورەددین - بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی (لێکۆڵینەوە و ڕەخنە)، بڵاوکراوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥.
- ئۆسکارمان- توحفوە موزەفەرییە، پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانەسەر ڕێنووسی کوردی هێمن، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠١١.
- تەقی، جەلال - شەوانی گوێ ئاگردان، چوارچرا، چاپی دووەم ، ٢٠٠٦.
- جەبار، ئاسۆ - مۆدێرنە و حیکایەت"دنیای پاش حیکایەتە گەورەکان"، نێوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی مۆدێرن، ٢٠١٠.
- جەمال، ڕێبوار - پەندی پێشینان لەناوچەی پشدەر، چاپی یەکەم، ئینستیوتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی ئاراس هەولێ، ٢٠٠٨.
- حەسەن، مولود ئیبراهیم - هێلکەی نامێ، کۆمەڵێک ئەفسان و حیکایەتی جۆراوجۆری فۆلکلۆری کوردەوارییە، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، ئینستیتیوتی کەلەپوری کوردستان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- حەسەن، محەمەد فەریق - مەملەکەتی ماسی "حیکایەتی فۆلکلۆری" دەزگای ئاراس ، چاپی سێیەم، هەولێر.
- ئاکرەیی، خالد جاجی، هزار مەتەلۆك بۆ مرۆڤێن ژیرکۆك، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.
- خاڵ، شێخ محەمەدی- پەندی پێشینان، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٠.
- دەشتەکی، عومەر شێخەڵا - پەندی کوردی و چیرۆکەکەی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.
- رۆهات- د فۆلکلۆرا کوردی دە سەردەستیەکە ژنان، دەزگای توێژنەوە و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی دووەم، ٢٠٠٦.
- سەجادی، سەید عەبدولحەمید حیرەت - پەندیپێشیان"پند پێشینان"، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس هەولێر، ٢٠١٠.
- شاسواری، عادل - کاریگەری سەتەلایت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان تەوێڵە وەک نموونە، ٢٠٠٨.
- کۆمەڵێک - سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٩.
- گمبڵ، ئەندرۆ - سیاسەت و چارەنووس، و/ محەمەد ساڵح عەبدوڵا ، سلێمانی ٢٠٠٦.
- گوڵمحەمەدی، ئەحمەد - "بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناس": وەرگێرانی عەوڵا بەهرامی، دەزگای توێژینەوەوە بڵاوکردنەوەی موکریان، ٢٠٠٧.
- مەخمووری، غەفور- حەیران، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.
- مەجید، محەمەد مەردان - رۆژەکانی حەفتە، گۆڤاری کەلەپووری کورد، ژ١٢.
- موحسنی، مەنۆچهر- دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی کۆمەڵێک نووسەر، دەزکاتی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٢.
- شاهین، ئیسماعیل تاها - مامکێ منۆ مامامی، دەزگای سپیریز بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، دهۆک، ٢٠١١.
- هەندرێن- دوناودۆنی فەلسەفیی، پرۆژەی چاپی مێخەک، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٧.
- یوسف، عەبدورەقب- بانگەوازێک بۆ روناکبیرانی لە پێناو زیندوکردنەوە و کۆکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٨٥.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

- عومەر، حيد ر- أدب الفولكلور الكردي، ب. د، استنبول، ٢٠١٨.
- لزدجالي (د)، زهرا أحمد ا - العولمة و تأثيراتها على التراث الشعبي العماني، جمعية أمسيا مصر (التربية عن الطريق الفن)، ٢٠١٤.

**گۆڤارە ئەکادیمییەکان:**

- بایز (د)، هەڵمەت - وەسیەتی پیرە باو، چاپخانەی زانکۆ سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٩.
- حەسەن (م. ی)، محەمەد ئەحمەد و رەسوول (د)، بابا نوری رەسووڵ – پێکهاتەی زمانی و هونەرییەکانی دەقی مەتەڵ، گۆڤاری پۆلۆتەکنیکی، ژمارە ٦، ٢٠١٦.
- رەسوڵ (د)، هەڵمەت بایز - رەهەندەکانی کەلتووری جوەکانی کوردستان لە پەندی پێشینانی کوردیدا، ، گۆڤاری زانکۆی دهۆک، پەربەندا ١٩، ژمارە ٢، ٢٠١٦.
- سابیر (د)، پەخشان - کەسایەتی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدادا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ژمارە ٢٩، بەشی بی، ٢٠١٠.

- ڕەسوڵ (د)، عەبدوڵا حوسێن - زمانی منداڵ لەنێوان فۆلکلۆری دەڤەری ڕواندز و شاشەی زیرەکدا، پرۆسیدینگی یەکەمین کۆنفرانس نێودەوڵەتی ڕواندز پێگەییێکی ژیاری بەدەوڵەتبوون لە مێژووی کورددا، ٢٠١٦.

**نامە ئەکادیمییەکان:**

- ڕەشید، شەماڵ لەتیف - نوێگەری و گۆڕانی کولتووری، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زانستە مرییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠١٦.
- یەحیا، نزار ئەحمەد - کاریگەری بەجهانی بوون لەسەر پێگەی ئافرەت لە نێوکایەی سیاسیدا" توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستاندا"، دکتۆرانامە کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢١.

## (التغيير الاجتماعي كعامل التراجع لاستخدام الأدبيات الفولكلورية)

**الملخص:**

يوجد نشاط الأدب الفولكلور الكردي في كثير من مناطق كردستان، وقد حافظ على نشاطه وحيويته؛ لأنه متعلق بالحياة والآداب الكردية، ولكن بسبب التغييرات التي تطرأ على العالم جمعاء في الآونة الأخيرة، سيفقد الأدب الفولكلور الكردي بين هذه الأمواج من التغييرات حيويته ونشاطه وعالميته رويدا رويدا، ولذلك فإنه تطرأ عليه التغييرات المصحوبة بالعوامل المتنوعة حسب الزمان والعصر، ولذا يربط هذا البحث الموسوم بـ(التغيير الاجتماعي كعامل التراجع لاستخدام الأدبيات الفولكلورية) بالأسباب التي تحدث في وقت الحاضر، مثل التغييرات في حياة العائلة و العلاقة الاجتماعية، واستبدال التكنولوجيا، وظاهرة الفولكلور العالمي المشترك... إلخ، ويهدف البحث إلى تحديد العوامل الرئيسة التي تجبر الأدب الشفوية بالتراجع والانكماش في الوقت الراهن.

***الكلمات الدالة: التراجع والانكماش، الأدب الفولكلور، التغير الاجتماعي، العصر و الزمان***

## Social Changes: A Reason for Withdrawal in Using Literary Folklore

**Abstract:**

Kurdish Literary Folklore is common in most of the Kurdistan areas, and it refers to Kurdish traditions and culture. Kurdish folklore could preserve its commonality and activeness through many periods of time; but due to the fast changes of world and globalization Kurdish folklore cannot be preserved anymore. Hence, the changes are regularly happening due to different reasons depending on time and periods. This study is entitled (Social Changes: A Reason for Withdrawal in Using Literary Folklore). The reasons are related to the recent phenomena such as: family life changes, social relations, technology growth, and globalization. The aim of this study is to identify the essential reasons behind the withdrawal of oral literature.

**Keywords***: Regression and deflation, Folkoreliterature, social change, time and era*.